# مەهاباد قەراغی و ڕاوێژکاری بۆ سەرۆکی حکومەتی پارتی

^ماوەیەکە بەڕێز مەهاباد قەرەداغی ، کەوتوەتە کۆمەڵێ هەڵەوە ، من هیچ ڕەخنەیەکم لە خاتوو مەهاباد نییە وەک شەخسی خۆی، من ڕەخنەم لەو هەڵانەی هەیە کە بیروبۆچوونەکەی مەهاباد لەپشتیەوە ڕاوەستاوە، لەوانە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی کوردستاندا و بەتایبەت لەگەڵ پارتیا ، ئەمەش بەخەبات و کۆششی ژنێکی ئازادیخواز و تێکۆشەرێکی فێمێنیست بەخەڵک ڕائەگەیەنێ، بەداخەوە ڕەخنەگرەکانی زیاتر ڕەخنەی شەخسیی لێدەگرن و مەبەستیان شکاندنی شەخسیی مەهابادە تا ڕەخنەی سیاسی... من یەک تۆزقاڵ گومانم لە کەسایەتی خاتوو مەهاباد نییە، بەلام گومانم لە بۆچوونەکانییەتی ، واتە ئەو عەقڵییەتە سیاسییەی مەهاباد کاری پێ ئەکات.

^^من ڕەخنەم ئاراستەی مەهاباد بەم شێوەیە ئەکەم، تا ئێرە لەگەڵتا بوین و ئێمەی داکۆکیکەرانی مافی ژنان و ئازادی ، تا ئەم شوێنە دەستمان دەگوشیتی و دەست خۆشیمان لێئەکردی، لەمەوداو بەڕێزتان ئەچنە لای سەرۆکی حکومەتی هەریم ( پارتی ) خۆتان بەتەنها مەسئولن لەهەر کارێکی سیاسی و هەر هەڵوێستێکی سیاسی، هەرکەسێک لەژنانی ئازادیخواز و فێمێنیست بکەونە دیفاعکردن لێت ، وەک تۆ ئەکەونە هەڵەوەو باجێکی سیاسی قورس ئەدەن لەپاشەڕۆژا. دیارە بەم کارەی مەهاباد خان، دەرگای ڕەخنە لەلایەن زۆرکەس و لایەنی کۆنەپەرستیشەوە دەکرێتەوە ، گوایە مەهابادێک وەک سەرکردەیەکی ژنان کەوتە ئەم هەڵە سیاسییە گەورەیەو، ئیتر ژنانی تر و کەم شارەزاتر لەو چۆن ئەو هەلانە ناکەن.

^^^ئەوەنەی بزانم مەهاباد خان خەڵکی گەرمیانەو زۆر خەڵک لەگەرمیان و سلێمانی و کەرکوک و هەولێر خۆشیان ئەوێ و لەو ناوچانە کەم و زۆر ناسراوە، وەلێ ئێستا کە بڕیارە حکومەتەکانی کوردستان ببن بەیەک و حکومەتی یەکگرتووی هەرێم پێک بێنن، مەهاباد خان دەستی پێش خستوەو ئەڵێ کابینەی پێنجەم.... جارێ کێ دەڵێ ینک بەم زاراوەیەی خاتوو مەهاباد ڕازی ئەبێ، دوای ئەوە کێ ئەڵێ یەکێتی ڕازی ئەبێ تۆیەک لەسویدەوە بگەڕێیەوەو ببی بەنوێنەری ژنان و ڕاوێژکاریان.ئەوە ڕاستە تۆ لە عوسمانی حاجی مەحمودو د.بەرهەمەوە نزیک بووی ، بەلام سیاسەت ئەوە نازانێ...کاتێ تۆ دێی بەشان و باڵی نێچیرڤان بارزانیا هەڵئەدەی ، خەڵک شتی تری لا دروست ئەبێ و یەکێتیش خۆ پیازیان پاک نەکردوە سی دانە ساڵە.

باشە پرسیارێک لێرەیا دێتە پێشەوە ئایا مەهاباد خان بەحکومەتەکەی سلێمانی ئەڵێ ،فەرعەو فەرعیش بۆ ئەسڵ ئەبێ بگەڕێتەوە، یان ناشێ بڵێ قونسوڵیەی حکومەتی هەرێم . گەمەیەکی خراپە چۆن حیزبی شیوعی لەسلێمانی بەحکومەتی ینک ی ئەگوت حکومەتی هەرێم و لەهەولێریش بەوەی پارتی ئەگوت حکومەتی هەرێم، مەهاباد خان پاش دەساڵ هەمان هەڵە بەجۆرێکی تر ئەکاتەوە. قەت من لەوەی ناگەم ، تا حکومەتێ دروست نەبێ چۆن لەسەر وەعد ووەعیدی ئەم و ئەو پۆست وەرئەگیرێ ، مەسعود بارزانی بە ڕێکەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی بڕیارە ببێ بەسەرۆکی هەرێم، بەلام تا مام جەلال نەبێ بەسەرۆکی عێراق ، مەسعود بارزانی ناتوانێ بڵێ من هەوم، کەچی مەهاباد خان ئەم سیستەمەشی شکاندووەو خۆی پۆستی بەخۆی داوە ( دیارە بە ئیزنی نیچیرڤان بارزانی ) .لەڕۆژئاوا ئەمە گەورەترین بەرتیلی سیاسیە،پێش ئەوەی حکومەت شانسی بردنەوەی هەبێ ، بەکەسایەتیەک بڵێ چاو لەهەڵەکانم بپۆشەو لەسەرم مەنووسە دوایی ئەوکەمە ڕاوێژکاری مەسەلەی ئافرەتان لە ئەنجومەنی وەزیراندا. جارێ هیچ نەبوە مەهاباد کلێشەیەک بلاو ئەکاتەوە و دوو ئیمەیڵیش ی لێ ئەدا، بە گۆڕی هەموو ئەنفالکراوەکان، لە پارتیەکان زیاتر یەک نەفەری تر ئیمەیڵی بۆ نانێرێ .

^^^^ بەداخەوە مەهاباد خان ، لە نوسەرێکی ئازاو ڕەخنەگرەوە بوو بە پیاهەڵدەری سەرۆکی حکومەتەکەی هەولێر،بە حکومەتی هەرێمیش تەسویقی ئەکا...هەرکەسێ بەیەکێ لەو دوو حکومەتەی ئێستا بڵێ حکومەتی هەرێم و نەڵێ ئیدارەی هەولێر یان سلێمانی ، نەکو هەر هەڵەیەکی سیاسی ئەکات، بەڵکە هەڵەیەکی ئەدیبانەو شاعیرانەش ئەکات،ئەوانەی هەن حکومەتی پارتی و یەکێتین ، حکومەتی هەرێمی کوردستان نین. ئەو پیاهەڵدانەی مەهاباد خانیش بە سەرۆکی حکومەتەکەی پارتیا هەڵی ئەدا، گومان زیاتر دروست ئەکا کە خاتوو مەهاباد بوەتە پارتی ، یان نزیک بوەتەوە لەپارتی ، یانی شتی تر هەیە و گومانەکان زیاتر وزیاتر ئەکات . بەڕاستی هەقی وایە مەهاباد خان خۆی ساغبکاتەوە ، ئەگەر بوەتە پارتی بەئاشکرا ڕایبگەیەنێ ، ئەگەریش نا ئەوە خۆی بەرپرسیاریەتی دیرۆکی سیاسی و ئەدەبی خۆی لە ئەستۆ ئەگرێ .

^^^^^ بەلام یەک شت دڵنیام لەسەدا نەوەدی ئەوانەی لەگەرمیان و کەرکوک و هەولێرو سلێمانی خۆشیان ئەویستی ، ئەو خۆشەویستیەیان بۆت نامێنێ و پێگەی کۆمەڵایەتی و جەماوەری خۆی زۆر زۆر کەمکردەوە. داهاتوش باشترین گەواهیە بۆ ئەم قسانەی من، جا یان ئەز ورێنەی ئەکەم ، یان بەڕێزیان هەڵەیەکی سیاسی

کوشندەیان دەرهەق بەدیرۆکی خۆیان کرد. ئەو ئیمتیازاتانەی وەریشی گرتووە، یان وەریدەگریٚ هەرگیز سەروەری قەڵەمەکەی بۆ ناگێڕنەوە، بۆیە زۆر بەئەفسوسەوە ئەڵێم مەهاباد خان ،بیروبۆچونەکەی تۆش تام و لەزەتی کورسی دەسەلات کەوتە بن ددانی و پەیوەست بوو بەقارەمانانی شەڕی ناوخۆوە ،جاریٚ لەحکومەتەکەی پارتیا و دواتریش لەحکومەتی یەکگرتوی پارتی و یەکێتیا ئەگەر فراکسیۆنی سەوز چرای سەوزت بۆ هەڵبکەن و ئەو شانسەت بیگرێت .لەکۆتایدا پاش ڕێزی زۆرم بۆ خاتوو مەهاباد هەر ئەوەندە ئەڵێم هیوادارم لەژیانی سیاسی و پۆستی چاوەڕوانکراوتا سەرکەوتووبیت . من زۆرم خۆش ئەویستی و ڕێزم زۆر ئەگرتی، لەمەودواش ڕێزت زۆر لەجاران زیاتر ئەگرم ، نەکو هەست بەهیچ بکەیت، بەلام بەدەستی خۆم نییە ئیتر وەکو جاران هیچ ئیعجابێکم بەنووسینەکانت نامێنیٚ ، ئیتر ئەفسووس لەوەش ئەخۆم کە تێکۆشەرێکی تری ڕێگای ڕزگاری ژنان و فێمینیزم کەوتە داوی دەسەلاتەوەو دەسەلات توانیتی یەکێکی تریش لە ڕێبوارانی ئازادی ژنان بخاتە ناو ڕیزەکانی خۆیەوە و بەرژەوەندیەکانی دەسەلات بخاتە سەروو بەرژەوەندیەکانی ژنانەوە.

خوا ئەوانەش بگریٚ ،ئەمەیان پیٚ کردی، خوا ئەوانە بگریٚ تۆیان کردە سەر ڕێگایەک ، کە ئیتر لەمەودوا بەژنان ئەبیٚ بڵیٚ ی ئافرەتان و بەخوێندکاران بڵیٚ ی قوتابیان و بەبەڕێز بڵیٚ ی ڕێزدار و بەجەوانان بڵیٚ ی لاوان هەروەها.... ئومێدەوارم زویر نەبیت، ئەمە ڕەخنەی بەتەنها من نیە، ئەمە ڕەخنەی زۆربەی هەرەزۆری لایەنگرانتە ، بەلام ڕەنگە هەرکەسەو بەشێوەیەک تەعبیری لیٚ بکات، منیش بەوپەڕی ڕێزو تەقدیرەوە بەم شێوەیە ئاراستەم کردی.

ئاوات قەراغی